https://doi.org/10.26682/schjuod.2021.24.1.4

گوڤارا زانکویا دهوك، پەربەندا: 24، ژمارە: 1، (زانستێن مروڤایەتی وکومەلناسی)، بپ 67-89، 2021 (ژمارەکا تایبەت)

کۆنفرانسێ زانستیێ نیڤدەولەتیێ دووێ ل دۆر جینوسایدێ، سەنتەرێ بێشکچی بۆ ڤەکۆلینێن مرۆڤایەتی
و سەنتەرێ جینوسایدێ - زانکۆیا دهۆك، 27-28- کانونا دووێ، 2021

# پاڵنەرەکانی دەستپێکی تاوانی ئەنفال
## (چەمی زەنگەنە بەنمونە)

هونەر امین حسن و گۆران سلام محمد و سۆران زاهر عبدالـلە و هەژار هوشیارمهدی

زانکۆی چەرموو، سەنتەری توێژینەوەی زانکۆی چەرموو بۆ تاوانەکانی ئەنفال وجینۆساید، هەرێما کوردستانێ–عیراق

***((مێژوویا رەزامەندیا بەلاڤکرنێ: 10 کانونا دووێ، 2021))***

**پوختە**

**لە مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا تاوانی جۆراوجۆر لەبەرامبەر نەتەوەی کورد ئەنجامدراوە.تاوانەکانیش لەلایەن ئەو دەسەلاّتدارانەوەئەنجامدراوە، کە هاتوونەتە سەر حوکم. ئەویش بە پێی دەسەلاّتیان و بارودۆخی وولاّتانی ناوچەکە لەگەڵ یەکتر کاریگەری راستەوخۆیان هەبووە لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو تاوانە.ئەوەش ئایا مەبەستیان لە ناوبردنی هەموو کورد بووە یان بەشێکی نەتەوەی کورد؟ بریاردانیش لەو بارەیەوە کارێکی هەروا ئاسان نیەوپێویستی بە رێکارەکانی زانستی و دادگایی هەیە بۆ سەلماندنی مەبەستی تاوانکاری و دەرخستنی کاریگەریەخراپەکانی ئەو تاوانانە لەسەر مرڤایەتی بەگشتی بۆ رێگە لێگرتنی و دووبارەنەبوونەوەی بەتایبەتی بەرامبەر نەتەوەی کورد. تاوانی ئەنفالیش لەو رەهەندەوە،کە یەکێکە لەو تاوانانەی مرۆڤایەتی بەگشتی و وولاّتانی بالاّدەست بەتایبەتی شەرمەزارن لەبەرامبەریدا، پێویستی بە توێژینەوەی زانستیە لە هۆکارەکانی ئەنجامدان و ئاشکراکردنی مەبەستی تاوانکاران ودیاریکردنی تەواوی ئەو ئامادەکاریانەی کە گیراونەتەبەر بۆجێبەجێکردنی ئەو تاوانە و چۆنیتی هاوبەشی کردنی گروپی تاوانکار. تاوانی چەمی زەنگەنەش وەك یەکێك لەتاوانەکانی پێش دەستپێکی ئەنفال لە باشوری کوردستان رۆڵ و کاریگەری بووە لەسەر دیاریکردنی پاڵنەرەکانی دەستپێکی تاوانی ئەنفال لە کوردستان.**

***وشەکلیلیەکان:*** **ئەنفال ، چەمی زەنگەنە، تاوانی نێودەوڵەتی، یاسای نێودەوڵەتی، جینۆساید.**

# پێشەکی

لەوڕوانگەیەوەکەتاوانەنێودەوڵەتیەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەرهەرنەتەوەیەك بەرامبەری ئەنجام دەدرێت، هۆکارەبۆتێکچوونی ئاشتی وئاسایشی ناوچەیی ونێودەوڵەتی، کوردستانیش وەك یەکێك لەوناوچانەی کەلەمێژووی خۆیداڕووبەڕووی چەندین تاوانی نێودەوڵەتی بۆتەوەو لەپاڵ هەریەك لەم تاوانانەدا ژمارەیەك پاڵنەرهەیەکەبوونەتەهۆکاری ڕوودانی ئەم تاوانانە.

لێرەشدا تاوانی ئەنفال وەك یەکێك لەدیارترین تاوانەکان دژی نەتەوەی کوردکۆمەڵێك پاڵ ـنەری خۆی هەبووە وای کردووەکە ئەوتاوا ـنە ـئەنجام

ـیدریێت وبوونه ـتەهۆی ده ستپێکی ئەنجا مدانی تاوانەکانی ئەنفال. بۆیەلەبەرچاوگرتنی ئەنجامدانی تاوانی چەمی زەنگه ـنەوهۆکارەکانی ئەنجا مدانی ـتاوانی ئەوناو چەیه دەبێ ـته به شێکی گرنـ گی لێکۆلّینەوەکه وەك یەکەم توێژیـنەوەی زانـستی لەسەرئەوناوچەیەدێتەبەرهەم، ئەویش ـیەوجۆرەی کەدوای ئەوەی لە سالّی (1987) گو ـندەکانی ناوچەی (قەرەحەسەن) لەلایەن رژێمی عێراق ـیەوە رووخێندران، ژمارەیەك لەدانیشتووانی سنوورەکه پەنایان بردەبەرخۆحەشاردان لەباخ و مەزراکانی ناو چەکەدابۆدرێژەدان ـبەژیان، بەرە ـبەیانی هەمووڕۆژێك بەرلەخۆر هەلاتن کۆ مەلێك ئۆتۆمبێلی ناچەکەبەرهەمی ک شتوکالّی خەلّکی ناچەکەیان دەبردبۆ شاری کەرکوك بەمەبه ستی ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان وکرینی پێداویستی رۆژا ـنەودوای خۆر ئاوابوون دەگەرانەوەبۆگو ـندەکان، سەرئەنجام رۆژی(1987/9/13) لیوای (66)ی پارا ستنی ـنەوتی ع ـێراق بۆ سەیەکی بۆئەوخەلّکەداناولەبەرە ـبەیانی ـئەورۆژەدا(12) ئۆتۆمب ـێل کە(71)سەرنـ شینیان تێدابووکەوتنەبۆسەکەوەودە ستگیرکران. لەبەر ـئەوه ـئەورووداوە وەك سەرەتایەکی دەستپێکی تاوانی ئەنفال لەکورد ستاندا ـبۆ ـئەم بابەتەلەبەرچاودەگیرێت وتەواوی ئەوهۆکارا ـنەی کەپالّنەربووەبۆئەنجامدانی ـئەم تاوانەودە ستپێکی ـتاوانی ـتری نێودەو لّەتی دژی گەلی کوردلێکۆلّینەوەی لەبارەوەدەکرێت.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

لەرێگەی ئەم توێژینەوەیەوە وەلامی بەشێکی زۆری ئەوپرسیارانە دەدەینەوەکەدەکرێت سەبارەت بەتاوانەکانی پێش دەستپێکردنی تاوانی ئەنفال کە وەك تاقیکردنەوەودەستپێکی ئەنفال بوونیان هەیە، رووداوی (چەمی زەنگەنە) یەکێکە لەرووداوەفەرامۆشکراوەکانی تاوانی ئەنفال، کەتائێستالەلایەن هیچ دامەزراوەیەکی حکومی وزانستیەوە توێژینەوەی لەسەرنەکراوە، بەمەش یەکێك لەتاوانە ترسناکەکانی ترئاشکرادەکرێت کەبەرامبەربەکوردئەنجامدراوە.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیەهەولّ دەدات بەدوای تەواوی ئەوپالّنەرانەدابگەرێت کەبوونەتەهۆی ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال وپالّنەرەکانی ئەنجامدانی تاوانی (چەمی زەنگەنە) وەك دەستپێك وهۆکارەکانی ئەنجامدانی ئەوتاوانە، بەراوردکردنی تاوانی ئەنفال و ئەم تاوانە لەگەلّ بنەمایاساییە نێودەولّتیەکان بۆگەیشتن بەراستی ئەم جۆرەتاوانە وەك تاوانی جینۆسایدە، بۆیەئامانجمانە لەرێگەی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی لەسەرتاوانەکەوناساندنی تاوانەکە وەك دەستپێکی پرۆسەکانی ئەنفال

وەگرنگی شوێنی جوگرافی ئەم ناوچەیە بۆهەڵبژاردنی ئەم تاوانە.

**گریمانەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکەلە سەرئەم گریمانە یە دارێژراوەکەئەگەرتاوا نەکانی ئەنفال پاڵنەروهۆکاری دیاری کراوی خۆی هەبێت ئەوەتاوانی ( چەمی زەنگە نە) یەکێکەلەپاڵنەرەسەرەکیەکانی دەستپێکی تاوانی ئەنفال لەکوردستانداو سەرەتای دا نانی پلا نی تەواوەتی جیّ بەجێکردنی قۆناغەکانی ئەنفالە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا سەرەڕای سەردانی مەیدانی توێژەرەکان بۆ شوێنەکانی ئەنجامدانی ئەم تاوانە و چاوپێکەتنی راستەوخۆیان لەگەڵ تاوانلێکراوان و کەس و کاری قوربانیان، سوودلەچەند ڕێبازێکی توێژینەوەبینراوە وەك شیکاری یاسایی وڕێبازی وەصفی وڕێبازی مێژوویی کەبەپێی پێویستی توێژینەوەکەلەکات وشوێنی پێویستدابەکاردەهێندرێت.

**هەیکەلی توێژینەوەکە:**

بۆباشتر تێگەیشتن لەتوێژینەوەکە، توێژینەوەکە دابە شکراوە بە سەر دوو بە شی سەرەکیدا بەجۆرێك هەربەشەودابە شدەکرێت بە سەر دوو باسدا. لەبەشی یەکەمدابەگشتی باس لەنا ساندنی توێژینەوەکەوم ێژووی تاوانەنێودەولەتی یەکان وئەنجا مدانی تاوانی جینۆ ساید وەك تاوانێکی نێودەولەتی دژبەگەلی کورد دەکات وە روانگەی یاسایی تاوانی ئەنفال بەرامبەر بەگەلی کورد وەك تاوانێکی نێودەو لەتی. لەبە شی دووە می توێژینەوەکەدا پاڵ نەرەکانی ئەنجا مدانی تاوانی ئەنفال لەکوردستان وهۆکاروپاڵنەرەکانی پ شێت ئەنجامدانی تاوانی چەمی زەنگە نە وەك تاوانێکی دیاری پێش ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال، چۆنیەتی کۆکردنەوەی قوربان یان ودابە شکردنیان یەپێی تە مەن ورە گەزی کە سەکان و هەر لەتوێژینەوە کەدا خ شتەوزانیاری پێوی ست لەبارەی ئەنجا مدانی ئەوتاوا نە دەخرێتەڕووکەلەهەمانکاتدا سەرچاوەیەکی دیاری توێژینەوەکەیە. لەپاش لێکدا نەوەی تەواوی بابەتەکانی پەیوەست بەم توێژینەوەیەلێکدا نەوەی هەموولایەنەکانی و لێکەوتەکانی لە سەرکورد و چۆنیەتی گێڕانەوەی مافەیا ساییەکان بۆنە تەوەی کورد، بەخ ستنەڕووی دەرئەنجا مەکانی توێژینەوەکەکۆتایی بەتوێژینەوەکەهاتووە.

## بەشی یەکەم/ پاڵنەروهۆکارەکانی تاوانی ئەنفال وەك تاوانێکی نێودەولەتی.

### تەوەری یەکەم/ مێژووی تاوانە نێودەولەتیەکان و ئەنجامەکانی لە کوردستان.

یەکێك لە لقەکانی یاسا، یاسای تاوانە کە ئەمیش لقێکە لە لقەکانی یاسای گشتی، تاوانی نێودەولەتیش کە یاسای تاوانی نێودەولەتی

حوکمی دەکات و بنەماکانی دیاریکردووە دەگەڕێتەوە بۆ یاسای گشتی نێودەوڵەتی، پێناسەی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی دەکەن بەوەی کە مەبەست لە تاوانی نێودەوڵەتی هەمووکارێکە یان ڕەفتارێکە ( ایجابی یان سلبی ) کە یاسای تاوانی نێودەوڵەتی قەدەغەی کردووە و بڕیاری سزای تاوانی بۆ ئەنجامدەرەکەی دیاریکردووە, کەئامانج ومەبەستی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی بریتیە لە پاراستنی بەرژەوەندیە بالأکان و جەوهەریەکانی کۆمەڵگەی نێودەڵەتی کەنا توانرێت بەبێ بوونی ئەو یاسایەپارێزراوبێت. لە کاتی بوونی ئەومەترسیە لەهەرلایەکەوە بێت بەپێی بنەماکانی ئەو یاسایە سزابدرێ، وەلەکاتی جێبەجێکردنی بنەماکانی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ حوکم و بنەماکانی یاسای تاوانی ناوخۆیی بەهۆی بوونی هەمان ڕووکنی تاوان لە تاوانە نێودەوڵەتیەکانیشدا جگە لەوەی کەلە تاوانی نێودەوڵەتیدا ڕووکنی مادی و مەعنەوی رووکنی نێودەوڵە تیشمان هەیە لەکاتی بوونی تاوانی نێودەوڵەتی[1]، لەو ڕووانگەیەوە کە یاسای تاوان بریتیەلەکۆمەڵێك بنەمایی یاسایی کەدەوڵەت وای دادەنێت بۆ پارێزگاری ماف و دیاریکردنی سزا بەو واتایەی کە هەرکارێك یان ڕەفتارێك دەبێت بە پێی بنەماکانی یاسای سزادان بە تاوان دادەنرێت و سزاکەشی دیاریکرابێت[2]، ئەو تاوانانەی کە لەسەر ئاستی نێودەولەتی ڕوودەدەن و هەڕەشەن بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەبێت بەپێی بنەماکانی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی ئەو کارە بەتاوان دانرابێت و سزاکەشی دیاریکراوبێت، کە لە ئێستادا ئەم جۆرە لە یاسا بە شێوەیەکی باش گەشەی کردووە و بنەماکانی لە سەرئاستی نێودەوڵەتی چەسپیوە، بەلأم ئەوەی لێرەدا پێویستە بۆی بگەڕێینەوە مێژووی تاوانە نێودەوڵەتیەکانە لەسەر ئاستی ولأتانی جیهان وە پاشان مێژووی ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاوانەیە بەرامبەربەکورد، بۆیە لە دوولایەنی سەرەکیەوە ئەم بابەتە شی دەکەینەوە:

## یەکەم/ کورتەیەك لە مێژووی تاوانی نێودەوڵەتی :-

لە مـێژووی مرۆڤایەتـیدا کاتـێك ـیاس ـلە دێرینتـرین تاوان دەکرێت، دەگەڕێینەوەبۆ تاوانی کوشتنی (هابیل) لە لایەن (قابیل)ی برا ـیەوە [3]، بەلأم وەك مێژووی تاوانی نێودەوڵەتی بە چەندین قۆناغدا تێ ـپەڕیوە تا ـئەوەی کە ـلە چوار چێوەی یا سیادا دارـێژراوە و بۆ ـتەتاوانێك وەك ـتاوانی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدابکرێت، کەئەمەیش بەهۆی هەوڵی چەندین گەل و شار ستانیەتی کۆ ـنەوە ـبوو تا ـئەوەی بـتوانن دە ستەیەکی پەسەندکراو دا بمەزرێنن و پەیوەند ـیەکانیان ـبۆ ڕێکب خەات ـیە جۆر ـێك کەپادا شت و سزای تێدابێت. سەرەتای ـئەم ڕێکخ ستنانەش دە ستی پێکردووە بەهەوڵی ئەغریقیەکان و رۆماز ـیەکان،

پاشان بەهۆی گە شە کرد نی فیقهی ئی سلامی وپرۆژەکانی یەکێتی کری ستیانیەکان تاگەیشتە ئەمریکاو پاشان بۆ شۆڕشی فەرەنسی ئەو هەموو هۆکارانە کاریگەریان بووە لە سەر د یاریکردنی م ێژووی یا سای تاوانی نێودەو لەتی، دوا تر گەشەکردنی بەجۆرێك کەپێویستە بگەڕێنەوە بۆ جێبەجێکردنی بنەماکانی یاسای تاوانی نێودەولەتی کە بەلگەیە بۆ مێژووی ئەم جۆرە تاوانە لەڕووی یاساییەوە بۆ یە کەم جار جێ یەجێکردنی لە دادگایەکی نێودەولەتی دەگەڕێتەوە بۆ م ێژووی میسری کۆن سالّی (1286پ.ز) کە ئەویش دادگایی کردنی (سیریز یاس) پاشا ( یودا ) بوو لە لایەن (نبوخز نصر ) پاشای بابلیەکان[4]، بەو جۆرە یا سای تاوانی نێودەو لەتی لە ڕووی مێژوو یەوە گە شەی کردووە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ململانێی دەولەت ج یاواز بوو بە جۆرێك کە دوولایەنە بووە لە لا یەك دەو لەت هەولّی ئەدا دە سەلاتی تەواوی خۆی بە سەر بەشەکانی ناودەولەتەکەیدا بسەپێنێت لە پێ ناو پارا ستنی یەکپار چەی خاکی دەولەتە کەی، لەلایەکی ترەوە ڕووبەڕووبوو نەوەی دە سەلاتی کەنی سە بۆ ئەوەی بتوان ێت سەربەخۆی تەواوبۆدەولەت وجیابوو نەوەی لە دە سەلاتی کەنی سەی بەدە ست بهێن ێت، بەم جۆرەلەوسەردەمەدا یاسای تاوانی نێودەو لەتی هەولّ دەدرا لەو چوارچێوانە دا جێگەی بکرێتەوە بۆ پارا ستنی دەو لەت بەودوولایە نەوەگرنگی پێبدرێت[5]، بۆیە بەدرێژایی مێژوو دەولە تەکان هەولّیانداوە بنەمایاساییەکانی تاوانی نێودەو لەتی دیاریبکەن، تاگەیشتۆتە ئەو گە شەکردنەی کە ئێستا بوونی هەیە. واتە بنەماکانی یا سای تاوانی نێودەولەتی گەیشتۆتە ئەو ڕادە یەی کە بۆ تە هۆ کاری دامەزرا ندنی داد گای تاوان کاری نێودەولەتی، دادگایەکی نێودەولەت یەو د یارترین دادگایە، کە بڕیار دەدات لەسەر چۆنێتی یەکلا کردنەوەی تاوانە نێودەولەتیەکان لەسەر ئەساسی بنەماکانی دادگاکە و کاربەسەرچاوەو بنەماکانی یاسای تاوانی نێودەولەتی دە کات. پەیماننا مەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ئێ ستادا وەك د یارترین سەر چاوەی یا سای نێودەو لەتی لەبەر چاوەو دە سەلاتی داوە تە ئەنجوو مەنی ئاسای شی نێودەولەتی بۆ درو ستکردنی هەر دادگا یەکی نێودەولەتی بۆ هەر تاوا نێك کە ئەوئەنجوومە نە بگا تە ئەوبڕوا یەی کەئەوتاوا نە هەڕەشەیەبۆسەرئا شتی وئاسای شی نێودەو لەتی چونکەبەرپرسیارێتی سەرەکی بە پ ێی فە سلّی حەوتەمی ئەو ڕێکەوتنامەیە لە ئەستۆی ئەنجوومەنی ئاسایش[6].

**دووەم/ ئەنجا مدان و م ێژووی تاوا نە نێودەولەتیەکان لە باشوری کوردستان**

بێگومان نەتەوەی کورد بەدر ێژایی سەدەی بیست چەندین جار توشی جینۆ سایدو قڕ کردن

ولـەناوبردن بۆتەوەئەگەر ـتەنها ـیاس لـەو سنورە جوگرافیەبکەین، کە ئێ ستا پ یێ دە گوترێ کوردستانی عێراق سەدان نمونەی ئەو تاوانا ـنەمان لەبەردەستە بۆئەم مەبەستەش دەکرێ چەندین نمونە لە سەدەی بی ستدا وەرب گرین لەگرنگترین ئەوانەش:

هێرشی (فازڵ پاشای داغستانی) لەساڵی (1907) بەناوی عوسمانیەکانەوەهێرشی کردەسەر بارزانیەکان بەمەبەستی لەناوبردنیان. ئەویش تاوانێکی دڕندانەی لەدژ ئەنجامدان و وەك تاوانێکی بێناو لەشێوەی تاوانی جینۆسایددا لێیدان بەلاّم لەناونەچوون[7]، ئێزیدییەکانیش وەك ڕەگەزێکی کۆنی کوردی بەدرێژای مێژوو(74)جار بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی یاسای تاوان لێدراون و تاوانی نێودەوڵەتی بەرامبەریان ئەنجامدراوە. لەناو ئەوانەشدا چەندین جاریان لەسەر دەستی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بووە لەسەدەی بیستدا. لەکاتێکدا کە یەکەم جینۆسایدیان لەساڵی (1242) بووە لەسەردەستی (بەدرەدین لۆلۆ)[8]، کۆتاهێرشیش تائێستا دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق وشام (داعش)بوولە(2014) ئەنجامیدا. هەروەها (35) تاوانی تریش بەرامبەریان بەدرێژایی مێژوو لەسەر دەستی ئیسلامیەکان ئەنجامدراوە[9]، کۆتاهێرشیشیان بووە هۆی کوژرانی (2000) هاولاّتی ئێزیدی لەساڵی(2014)دا کەتیایدا (3000)ژن وکچ دەست درێژی کرایە سەریان(400)هەزاریشیان لێ ئاوارەبوو[10].

ساڵی(1932)سوپای عێراق بۆردومانی ناوچەکانی جولاّنەوەی شێخ (ئەحمەدی بارزانی) کردوو (79)گوندی وێران کرد لەناو ئەوانەدا (382) ماڵ بەرکەوتن. ئەم هێرشانە بەدرێژای چەندین دەیە بەردەوام بوو لە (1961)دا لەزنجیرە هێرشێکدا بۆ سەر کوردستان (3000)کەس کوژران (100 هەزاریش) ئاوارەبوون(150)گوندیش سوتێنران. تەنانەت لەنێوان (1965–1966)دا گازی ژەهراوی بەکارهێنا[11]، ئەمە لەکاتێکدا حکومەتی عێراق لەساڵی(1957) ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆسایدی ئیمزاکرد[12].

هەروەها بە عەرەبکردن وەك داهێ نانێکی بەعسیانە و بەگەرانەوە بۆ پێناسەی یاسایی تاوانی جینۆساید وەك ئازاردانێکی جە ستەیی و هزری ئە ندامانی نە تەوەی کورد و داناذ یان لەژێر باودۆخێکی سەختدا بەمەبە ستی لەناوبردنیان بەشێك بوو لەئایدۆلۆژیای ڕژێمی پێشوی عێراق. هەر چەندە لەپێش درو ست بونی دەو لەتی عێراقیشەوە لەسەردەمی فتوحاتی ئی سلامی ها تە کوردستان، کەبەپێی بەڵگەکان پێش هاتنی سوپای عەرەبی ئیسلامی بۆکوردوستان هیچ عەرەبێك لە خاکی کوردستانی عێراق نەژیاوە، لەدرو ست

بونی عێراق و هاتنی بەعس ـەوە بە عەرەبكردن و ڕاگواستن گەیشتە ترۆپك بۆنمو ـنە ـلە(1957–1977) لەمو سیلّ ڕ ـێژەی عەرەب(56٪ ـبۆ(76٪) و لە كەركوك (28٪) ـبۆ(44٪) بەرزبۆ ـتەوە [13]، ئەما ـنەش وەك تاوانی نێودەوڵەتی جینۆساید لەبەرامبەر نەتەوەی كوردا ئەنجامدراوە. لەماوەی ساڵانی (1963–1989) حكومەتی عێراق (3840)گوندی ڕاگوێزاوە كە (221829) خێزان و(1021758)كەس بووە, تەنهالە ساڵی (1963) لەناو چەی كە ـندیناوە (32)گو ـند ڕا گوێزراوە لەدوبز(21) گوندرۆخێنراوە(1500)خێزانیش بێسەرو شوێن بوون لە ( 10 /1963/7)دا (40هەزار)كوردی دەورو ـبەری كر كوك دەر ـبەدەركراوە تەنهالە(1963/6/11) ـبۆ (1963 /7/21)دا (875)گوند لەكورد ستان وێرانـ كراوە. ـبەپێی ڕاپۆرتی كۆمەڵەی نێونەتەوەیی لەلەندەن لەنێوان ساڵانی(1960–1970) حكو مەت (4 هەزار) ماڵی كوردو(700)گو ـندی وێرانـ كردوە [14]،تەنهالەڕۆژی (9/7/ 1963)لە سلێمانی (83 كەس) گولـ لەبارانكراوە (5هەزار) كەس دەستگیركراون و(276)كەسیان بێ سەرو شوێن كراون. كۆمەڵەی ـپ شێتگیری كرد ـنی گەلانی چەو ساوە لە ئەڵمانیا لە ساڵی (1975) بەهاوبەشی كۆمەڵەی مرۆڤ لەهۆڵەندا ڕاپانگەیا ـند ژ مارەی ڕا گوێزراوانی كوردگەیـ شتۆتە (200 هەزار) و خاپوركردنی (116)گو ـندوڕاگوێزانی (25 هەزار) كە سی ئێز ـیدی لە شنگال هەروەها مـ ـێژووی كوردلەخوێندن قەدەغەكراوەكتێبە مێژوویـ ـیەكانی سوتێنراوەوڕاگواستن(1222)گوندی گرتۆتەوە. لە ساڵی (1980) ڕژ ـێم بازرگا ـنەكوردە فەیلیەكانی ڕاپێچی زیندان كردوو دەست بەسەر مو ڵك و سامانەكانیانداگیرا[15]، هەرلەهەشتاكاندا (130 هەزار)كوردی فەیلی ڕاگوێزران بۆ ئێران وبەشێكیـ شیان پەناهە ـندەی دەرەوە ـبوون[16]،

لە(1983)حكو مەت(8 هەزار)بارزانی ئەنفالكردو

(150)گوندی ئەوناوچەیەی ڕاگوێزا[17].

لە ( 2/23 تا 1988/9/6) حكو مەت لەتەواوی كوردستانی عێراقدا بەهە شت قۆ ـناغ (182 هەزار) هاولاتی ئەنفال كرد[18]، لەوهەشت قۆناغەشدا قۆناغی (3) بەتر سناكترین قۆ ـناغ هەژمار كراوە لە ـبەر زۆری ژ مارەی قوربانـ ـیەكانی هەر لە هەمان ساڵ و لە(1988/3/16)كا تژمێر (11:35) خو لەك پێش نـ ـیوەڕۆ دە ـیان فڕۆ كەی ڕژێ ـمی ـبەعس (15)جار شاری هەڵە بجەیان بۆردو مانكرد و گازی (خەردەل و سیانیدو فۆسفۆر)یان بەكارهێنا (5 هەزار) هاولاتی بوو ـنە قور ـبانی گیانـ ـیان لەدەستدا[19]، لە(1988 /4/14) لیژنەیەك لە

زانكوی(gent) ی بەلجیكی سەردانی كوردستانی كردوو ڕایگەیاندوه، كە هەڵە بچە مەرگ باڵی بەسەردا كێشاوه[20]، لەوكاتەدا (196)وولاٚت چەكی هەمەجۆر لەنێویدا چەكی كۆمەڵكوژیان بەعێراق فرۆشتوه لەوانە ( ئەمریكا، بەریتانیا، ئیتالیا، ئیسپانیا، نەمسا، سوید، سویسرا )[21].

## تەوەری دووەم / ئەنفال وەك تاوانی نێودەوڵەتی و ناساندنی.

بۆ ئەوەی بتوانین ئەنفال وەك تاوانێك شی بكەینەوەوە گرنگە لە ڕووكنەكانی تاوانی نێودەوڵەتی تێ بگەین و شی بكەینەوە بۆ لێكدانەوەی تاوانی ئەنفال وەك تاوانێكی نێودەوڵەتی.

لەیاسای تاواندا دوو ڕەگەزی سەرەكی هەیە، كەدەبێت لە كاتی بوونی تاواندا بوونیان هەبێت ئەوانیش ڕوكنی مادی و ڕوكنی مەعنەوی، ڕەگەزی مادی ئەنجامدانی كارێكە یان نەكردنی كارێكە، كەیاسا بەتاوانی داناوە ڕەگەزی مەعنەوی بوونی مەبەستی ئەنجامدانی ئەوتاوانەیە و ئەنجامەكەی لەگەڵ مەبەستی ئەنجامدەرەكەدابێت وئەو ئەنجامە بێتەدی كە بەهۆی ئەو كردارەوە كەوتۆتەوە نەك بەهۆی كاری ترەوە[22]، سەرەرای ئەم دووپایەی كە یاسای تاوان بۆ هەرتاوانێكی دیاریكردووە بۆ تاوانی نێودەوڵەتی هاوشانی ئەم دوو پایەیە دەبێت تاوانەكە پایەی نێودەوڵەتی گشتی هەبێت كەزۆرێك لەیاساناسان پێیان وایە ئەوە هۆكارە بۆ تاوانباركردنی گروپێك یان لایەنێكی تاوانكار بە تاوانی نێودەوڵەتی و لەگەڵ ئەوەیشدا هۆكارە بۆ بێ تاوانی و ڕێگریگرتن لەبەر پرسیاریەتی. لێرەداولەو ڕوانگەیەوە كە تەشریع سەرچاوەی تەنها نیە بۆ یاسای تاوانی نێودەوڵەتی تا ئەوەی كە بتوانیت لە چوارچێوەی دەقەكانی یاسای نێودەوڵەتی دەرنەچین، بەڵكو عورفی نێودەوڵەتی بە یەكێك لەسەرچاوەبنەڕتیەكانی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێت كە تەفسیری فراوان لەخۆی دەگرێت بە جۆرێك كەزۆربەی ڕێكەوتنامە نێودەوڵەتیەكانیش كە سەرچاوەی سەرەكی یاسای نێودەوڵەتین لە بنەڕەتدا لە ڕێگای عورفی نێودەوڵەتیەوە دادەرێژرێت و دەبنەڕێككەوتنامە و سەرچاوە بۆ یاسای نێودەوڵەتی [23]،

بەو جۆرە سەرچاوەكانی یاسای نێودەو ڵەتی، كە پێویستن بۆ دیاریكردنی هەر تاوانێكی نێودەوڵەتی بریتین لە سەر چاوە بنەڕەتیەكان و سەر چاوە یارمەتیدەرەكان كە یە كەمیان لە ڕێكەوتنامە نێودەوڵەتیەكان و عورف و بنەماكانی یاسایی گشتی خۆی دەبینێتەوە وە دووەمیان بڕیاری دادگاكان وە ڕێبازی دانەرە گەورەكان، بنەماكانی یەكسانی وداد پەروەری وە بنەماگشتیەكان لەیاسای نێودەوڵەتیدا. هەمووئەمانەسەرچاوەكانی یاسانێودەوڵەتیەكانن بە

جۆر ێك، كە سەر چاوەبنەڕەتیەكان ه ێزی ئیلزامیان هەیە لە جێبەجێكردنداوبوونە تە هۆی جێگیربوونی بنەماكانی یاسای نێودەوڵەتی و ئەو یاوەڕەی لای تەواوی دەو ڵەتانی دون یا دروستكردووە.

سەرپێ چی كرد نی ب نەماكانی ئەویا سایانەڕووبەڕووی سزاولێپێ چینەوەی نێودەوڵەتیان دەكاتەوە[24]، هاو كات بە شێكی زۆری ئەورێكەوتنانەی، كەسەرچاوەیەكی د یاری یاسای نێودەوڵەتین كێشەیەكی دیارن بۆ تەواوی ئەونەتەوانەی خاوەنی چوارچێوەیەكی دیاریكراوی سەربەخۆی خۆیان نین، ئەگەر چی لە دە قەكانی ئەو رێكەوتنامانەی وەك مافى چارەی خۆنوو سینى گەلان باس لەمافى نەتەوەكان دەكرێت، بەلاَم لە چوارچێوەی جێبەجێكرد ندا ئە گەر ئەو گە لە كەسایەتیەكی نێودەو ڵەتی سەربەخۆی نەبێت ناتوانێت سوودمەندبێت لە پەنابردن بۆ ئەو رێكەوتننامانە بۆ یەكلایی كرد نەوەی كێ شەكان كە رێكەتنامەی نەتەوەیەكگرتووەكان دیارترینیانە. لە مادەی ( 1 ) بڕ گەی دوودا باس لە مافى چارەی خۆ نووسینی گەلان كراوە، بەلاَم لە بنەڕەتدا ئەگەر ئەو نەتەوەیە خاوەنی قەوارە یەكی سەربەخۆی خۆی نەبێت ناتواز ێت لە بەرام بەر رێك خراوی نەتەوە یەكگرتووەكان كێ شەكانی بگەیەنێت و دادگایەكی نێودەوڵەتی ئەو تاوانانەی كە بەرامبەری دەكرێت یەكلایی بكا تەوە[25]، دیاریكردنی تاوانەكان لەسە ر ئاستی ناوخۆیی و لەسەرئاستی نێودەولەتی هەروا كارێكی ئا سان نیەو بەبێ گەڕا نەوە بۆ لێكۆلێ نەوەی یا سایی دووردەب ێت لەدەرخ ستنی ڕووی ڕا ستەقینەو یاسایی تاوانەكە جاچ لەڕووی د یاریكردنێكی ڕاستیانەی گروپی تاوانكارەوەبێت یان لەڕووی د یاریكردنێكی گرو پی تاوان لێكراوەوەب ێت دواجار هۆكار دەبێت بۆ نا دادپەروەری یا سایی جا چ لەسەرئاستی نێودەوڵەتی بێ یان ناوخۆی، چونكە بۆ ئەوەی ب توانین گونجا ندنێكی یا سایی درو ست بۆ هەر تاواز ێك ب كەین پێوی ستە بگەڕێینەوە بۆ تەواوی ئەو سەرچاوانەی كە ئەو یاسایەیان لێ پێك هاتووە و ئەوبنەمایا نەی، ئەو جۆرەكارەیان یە تاوانی نێودەو ڵەتی دا ناوە، تادەگا تە ب نەماكانی ئەودادگا نێودەوڵەتیا نەی كەبوونیان هەیە و دامەزراون بۆ یەكلاكرد نەوەی تاوانە نێودەوڵەتییەكان وە یان هەر دادگا یەكی تركەبەپێی بڕیارێكی تایبەت لەلا یەن ئەنجو مەنی ئاسایشی نەتەوەیەكگرتووەكانەوە درو ستدەبێت، كە دروست بوونی ئەو جۆرەدادگایانەش لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی مێژوو یەكی د ێرینی هە یە و بەجۆرێك كە پێش جەنگی جی هانی دووەم لە پەیماننامەی سیڤەردا كە لە ( 1919/6/26 ) مۆركرا دەقی داوە لە سەر پێكهێ نانی داد گای نێودەوڵەتی بۆ ئەوكەسانەی كە بەرپر سیاریەتی تاوانی جەنگیان دراوەتە پاڵ [26]، بەم جۆرە ئەو

جۆرە تاوانانەی دیکەیش بونـیان هەـیە دەبـێت بنەمایەك هەبێت، کە بۆمان ببێتە پـێوەر و بـتوانین شیکارێکی دروستی یا سایی لە سەرکەین، بۆـیە بەگەڕانەوە بۆتەواوی ئەو تاواناـنەی کەبەرامـبەر کورد ڕوویان داوە پێوی ستمان ـیە دـیاریکردنی هەرتاوانێك و شی کردنەوەوگونجاـندنی یا سایيە تابگەینە ئەوئامانجەی کەمەبەستمانەبزانین ئایاتاوانی نێوەدەوڵەتیە؟ وە ئەگەر تاوانی نێودەوڵەتـیە کام جۆرەیە لە تاوانی نێودەوڵەتی ؟

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لەم توێژینەوەیەدا شیکاری بۆ بکەین تاوانی ئەنفالەکەبەرامبەر نەتەوەی کورد ئەنجامدراوە، بۆیە بۆ تێگەشتن لە بابەتەکەو لایەنەکانی و لێکەوتەکانی ئەنفال دەبێت لەم ڕەهەندانەی خوارەوە لێی بکۆڵینەوە چەمکی ئەنفال وەك زاراوە، تاوانی ئەنفال، ئەنفال وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی.

**چەمکی ئەنـــــــفال :**

**لەڕووی زمانەوانیەوە** ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە کۆی ( نفل )ە کە بە واتای ( غنیمە ) دەستکەوت هاتووە، بەڵام **لەڕووی زاراوەوە** ئەنفال ناوی سورەتی هەشتەمە لە قورئانـــی پیرۆز کە لە ( 114 )سورەت پێکهاتووە , ئەم سوورەتە لە ( 75) ئایەت پێکهاتووە لە ساڵی (2) کـــۆچی بەرامبەر (624) زاینی لەشەڕی گەورەی بەدر دابەزیووە[27].

ئەنفال کۆی و شەی (نـفل)ە نفـلیش واـتا( الغنیمە) بەکوردی دەستکەوت مەبەست (زیادە)یە (الراغب الاصفهانی) لە کتێبی ( مفردات ألفـاظ القرءان )دا پێی وایە ( النفل : ای الزیادە ع لی الوا جب ) لـ ێرەوە ـئەوەی وە کو ـئەرك ئەنجامدەدرێت پێی دەوترـێت (واجب)ئەوەی شی کەئارەزوو مەندان وە خۆبەخشانە ئەنجا مدەدرێت پیێ دەوترێت (نافل)، بۆیە بەو نوێژە سونەتانەی کە پێش و پاش نوێژە ـفەرزەکان دەکرـێت (ناف لـە) چوونکە (واجب)نین، ئەم وشەیە بۆ ـپیش هاتنی ئیسلام دەگەڕێتەوە.

ئەم ووشەیە عەرەبیە وعەرەبەکان ووشەی ئەنفال یان بەواتای تالاّن و بڕۆی جەنگ بەکارهێناوە[28]، زانایانی ئیسلام بۆ واتاکەی دەڵێن: ئەنفال غەنیمەیە واتا بریتیە لەو ماڵەی کەدەست موسوڵمانان دەکەوێت لە خەڵکی شەڕکەرلەمەیدانی جەنگدا، لە قورئانی پیرۆزدا لەسورەتی ئەنفال لەئایەتێکدا دەفەرمووێت:

﴿ یسأُلونك عن الانفال قل الانفال للەو الرسول فاتقوا اللە واصلحواذات بینکم واطیعوا اللە و رسولە ان کنتم موّمنین ﴾ واتە // لەبارەی ئەنفالەوە دەڵێت دەپرسن بلێ ئەنفال بۆ خوداوپێغەمبەرەکەیەتی فەرمانی خودا جیێ بە جیێ بکەن و لە نێوان خۆتاندا چاك ببنەوە گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەربن ئەگەر ئێوە بڕوادارن[29] هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئەوسورەتەش بەپێی

تەفسیری ( ابن كثير ) دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی كە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت )بینی هاوەلانی ناكۆكی كەوتۆتە نێوانیان لەسەر ئەو كەلوپەلوشتومەكانەی كەلەلایەن سوپای بێباوەرانەوە بە جێماوە، بۆ چارەسەری ئەو ناكۆكی و كێشەیە خوای گەورە ئەو سورەتەی دابەزاند.

دەتوانین بلێین ئەنفال لە روانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە بەم شێوەیەی خوارەوە لێكدراوەتەوە:

1–ئەنفال بەواتای ئەودەستكەوتانەدێت كەجەنگاوەرە موسلمانەكان لەكاتی شەردا لەگەڵ بێ باوەران لەماڵ و سامان ئاژەڵ ودیلەكانی جەنگ دەستیان دەكەوت.

2– ئەو لایەنەی كە دەستكەوتەكانی لێدەگیرێت دەبێ كۆمەلێكی بێ باوەرو كافربن [30]،

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەنفال لای حكومەتی رژێمی بەعسی عێراقی شی بكەینەوە ئەوا دەبێت بگەرێینەوە بۆ ئەوەی كە ئەنفال پرۆسەیەكی پلان دارێژراوبوو لەلایەن رژێمێكەوە بۆ لەرەگ و ریشە هەلكێشانی نەتەوەی كورد لەرووی كۆمەلایەتی و رامیاری وكەلتووری هزری وئاینیدەیی و ئابووریش تا دەگاتە ئەو رادەیەی بەكافركردنیان وحەلاڵ كردنی ماڵ و سامان و خوێنی ئەم نەتەوەی كوردە.

رژێمی بەعس و خودی سەرۆكەكەی( سەدام حسین ) دیاری كرد نی چەمكی( ئەنفال ) بە ئاسانی دانەناوە بۆئەوەی رەوای یا سایی و ئاینی بداتە ئەو پرۆسەی جینۆساید كردنی گەلی كوردە، دیاری كردنی چەمكی ئەنفال لەلا یەن فەریق روكن ( كامیل ساجد عەزیز ئەلجەنابی ) بوو كە پیاوێكی شارەزا لە ئاین بووەدواترناوبراولەلایەن ( قو سەی ) كورە ب چوكی سەدام لە ( 1988/4/26) لە سێدارەدرا[31].

رژێمی بەعسی بەسەرۆكایەتی خودی ( سەدام حسین) و ئەنجوومەنی سەركردایەتی شورش یە بر یاری ژ مارە (160) لە (1987/3/29)دا ( عەلی حە سەن مەج یدی)ی كردە سەرۆكی نووسینگەی رێكخستنی باكور (ر ئیس مك تب تنظـيم شمال ) لەشاری كەركوك. ئەم بر یارە یە واژۆی سەدام ح سین بوو كە لە (5) خاڵ پێكهاتبوو تەواوی دەسەلاتی سەربازی و رامیاری داوە بە ( عەلی حسن مەجید ) لەو سنورە. هەر بۆیە ئەویش بریاری (4008) ژمارە(8004/28) لە بەرواری(1987/6/20) بەواژۆی ( عەلی حسن مەجید) بوو بۆسەركردایەتی فەیلەقی یەك، سەركردایەتیی فەی لەقی دوو، سەركردایەتی فەیلەقی پێنج كە ئەم بریارەلە (7) خاڵ پێكهاتبوو بە دیاری كردنی هەموو گوندەكانی كورد ستان بەناوچەی قەدە غە كراو دادەنر یت لەرووی ئەمن یەوە، و قەدە غەكردنی خەلك و ئاژەڵ ودەركردنیان لەسەرئاووخاكی خۆ یان وو یران كرد نی سەرجەم لادێ كانی كورد ستان

وراپێ چكردنی دانی شتوانەكەی بۆئۆردوگازۆرەملێكان [32].

## بەشی دووەم/ ڕوانگەی یاسایی ئەنفال و تاوانەکانی پێش ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال وەك دەستپێکی ئەو تاوانە

### تەوەری یەکەم / ڕوانگەی یاسایی تاوانی ئەنفال و ڕووداوی چەمی زەنگەنە لەڕووی کات و شوێنەوە.

بۆ ئەوەی بگەینە درو ستی دە قە یا سایيەكان لەسەر ئەنفال بەوەی ئایا ئەنفال تاوانە؟ لە پێ شیدا تاوان و پێناسەی تاوان لە هەریەكێك لە یا سای ناوخۆیی ونێودەو لەتی ڕوونكراوە تەوە لە گەڵ سەرجەم ئەو پایانەی كەیاسای تاوان بۆ ئەنجامدانی هەرتاوانێكی داناوە، لەبەر ئەوەی بەتێگەیشتن لەو بابەتانە دەتوانین ئەنفال لەڕوانگەی یاسای تاوانی نێودەولەتی و بەتایبەتی وەك تر سناكترین تاوانی نێودەولەتی كە جینۆسایدە شی بكەینەوە. بۆ ئەوەی بگەینە ئەو ڕاستیەی كە ئا یا ئەنفال لە كوردستاندا چی جۆرە تاوانێكە؟ ئەنفال زنجیرەیەك هێرشی سەربازی بوو بۆ سەر نەتەوەی كورد لە باكوری عێراق كە لە بەرواری (1988/2/18) دە ستی پێ كردووە بۆ(1989/9/6)كۆتایی هاتووە ئەم هێر شانەیش خۆیان لە هەشت قۆناغدابینیوەتەوە[33]. لێرەوە بۆ ئەوەی لە ئەنفال وەك تاوانێك تێبگەین دەبێت ڕەگەزەكانی هەبوونی هەرتاوانێك وەك تاوانی نێودەولەتی جینۆساید بوونیان هەبێت.

لەپێناسەی یاسایی تاوانی جینۆساید كە لە بەندی دووەمی ڕێكەوتنامەی( 1948)بۆ ڕێگەگرتن لە تاوانی جینۆساید و ئەنجامدەرانی دەرچووە لە مادەی دووەمی ئەو ڕێكەوتنامەیەدا پێناسەی تاوانی جینۆساید وەك تاوانێكی نێودەولەتی دەكات بەوەی كە « هەركارێك لەو كارانەی لەم مادەیەدا دیاریكراوە بەمەبەستی لەناوبردنی هەموویان بەشێكی كۆمەڵی مرۆڤایەتی لـــەژێر سیفاتی نەتەوەیی , ڕەگەزی, نەژادی , ئاینی , كارەكانیش :

1- لەناو بردنی ئەندامانی ئەو گروپانە بەهەرڕێگایەك لە ڕێگاكانی لەناوبردن.

2- زیان گەیاندن بە جەستە وشێواندنی بیری ئەندامانی ئەو گروپە.

3-بەئەنقەست دانانی ئەو گروپانە لەژێر باروودۆخێكی سەختدا كە ببێتە هۆی لەناوبردنی هەموویان یان بەشێكیان.

4- تەگەرە خستنە بەردەم زیادبوونی ئەندامانی ئەو گروپانە بەهەرڕێگایەك لە ڕێگاكانی منداڵبوون

5- بەزۆر ڕاگواستنی منداڵ لە گروپێكەوە بۆ گروپێكی تر»[34].

لەوپێناسەیە دەکرێت جیاکەرەوەکانی تاوانی نێودەولەتی جینۆساید لەم خالأنەی خوارەوەدا دیاریبکەین :

1– تاوانلێکراو: لە تاوانی نێودەولەتی جینۆسایدا دەبێت ئەو گروپەی دەکەوێتە بەرتاوانەکە ، جا ئەگەر دەولەت بێت یان نا یەکێك بێت لەو گروپانەی کەلەو پێناسەیەدا دیاریکراوە کەچـــوار گروپ دەگرێتەوە، ئەمە سەرەڕای بوونی سەرجەم پایەکانی تری تاوان لەو تاوانەدا.

2– ئەنجامدانی یەکێك لەوکارانەی کە لە مادەی دووەمدا ئەنجامدرا وە بریتین لەهەر یەکێك لەوکارانەی لە پیشترو لەپێناسەی یاسایی تاوانی جینۆساید دا روونکراوەتەوە کە بریتین لە (پێنچ) کردار و بە پێی یاسای نێودەولەتی وەك تاوانی نێو دەولەتی مامەلەیان لەگەلدا کراوە لەو کاتەدا کە بتوانرێت مەبەستی ئەنجامدەرەکەی بسەلمێندرێت لەلایەن دادگایەکەوە کە بۆ لەناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپی بەئامانجکراوە، ئەویش بەجۆرێك لەهەریەکێك لەم کارانەدا دەکرێت بەبوونی تەنهایەکێك لەم کارانە تاوانی جینۆساید رووبدات وبنەماکانی ئەو رێکەوتنامەیەی بەسەردا جێ بەجێ ببێت .

3– مەبەست : یەکێك لە قورسترین پایەکانی یان جیاکەرەوەکانی تاوانی جینۆساید وەك تاوانێکی نێودەولەتی بەوپێیەی کەمەبەست لەم جۆرە تاوانە دا هەموو یان بەشێکی ئەوگروپەدایەکەتاوانەکەی بەرامبەر دەکرێت، دەبێتە جیاکەرەوەیەکی گرنگی ئەم جۆرە تاوانە لەگەل تاوانە ناوخۆیەکانیشدا.

4–تاوانبار :– دەبێت ئاوکەسەی کە تاوانەکەی ئەنجامداوە، وەك لە یاسای تاوانی زۆربەی وولأتاندا دیاریکراوە و لەیاسای تاوانی نێودەولە تیشدا ئەوە چەسپاوە کەدەبێت تەمەنی کە سەکە ( 18 )سالێ تەواوکردبێت[35]، بۆ زیاتر روونکردنەوەی جیاکەرەوەکانی ئەنفال و تاوانی چەمی زەنگەنە دەبێت لەم لایەنانەی خوارەو بکۆلێنەوە:

**یەکەم/ ئەنفال و تاوانی نێودەولەتی و جینۆساید**

بەگەڕانەوە بۆ بنەماکانی یاسای تاوانی نێودەولەتی و پایەکانی تاوانی جینۆساید ئەنفال لە ڕوانگەی شیکاری یاساییەوە دەمانگەیەنێتە ئەم شیکاریانە لە پیناسەی یاسای تاوانی نێودەولەتیەوەکەئەنفال کارێکە ئەنجامدراوەبەپێی یاسا قەدەغەکراوە و سزای تاوانەکەش بە پێی بنەماکانی یاسا نێودەولەتەکان و بنەماکانی دادگای تاوانکاری نێودەولەتی دیاری کراوە کەئەمە لەڕووی تاوانەوەدەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی کە ئەنفال تاوانێکی نێودەولەتییە بەبوونی ڕووکنی مادی کە ئەنجامدانی تاوانەکەیە لەڕووی مادی و کرداریەوە بۆ کوشتن و لە ناوبردنی

بەشێکی نەتەوەی کورد و وێرانکردنی گوند و نەخۆشخانەو مزگەوت وقوتابخانە[36]،

وە هاتنەدی ئەنجامی ئەوکارانەی کە ئەنجامیانداوە کە مەبەستیان بووە لەوکارانەی پێی هەستاون بەمەبەستی تەواوی ڕووکنەکانی تاوان تیادەستەبەر دەبێت[37]

لێرەوە دەگەینە یا سایی بوونی ئەنفال وەك تاوان و بەوپێیەی کەلە لایەن دەولەتێکی خاوەن سیادەوە بەرامبەر نەتەوەیەکی تر ئەنجامدراوە جا ئەو نەتەوەیە سیادەی نێودەولەتی هەبێت یان نە یە یێت ڕوو کنی نێودەو لەتی بوونی تاوانەکەوەردەگرێت ودەبێتە تاوانێکی نێودەولەتی چــونکە سەرچاوەی یەکەمی یاسای نێودەو لەتی ڕێکەوتنامەکانەو بە پێی چەندین ڕێکەوتنا مەی نێودەولەتیش پاراستنی مافی چارەی خۆنوو سینی گەلان پێویستیەکەکە دەبێت تەواوی ولاتانی دنیا پابەندبن پێیەوەی چونکە سەر چاوەی بنەڕەتین بۆیاسای نێودەولەتی لەوا نە پەیماننا مەی نە تەوە یەکگرتووەکانی سالی(1945) لە مادە کانی (1،55،73،76)دا هاتووە[38]، پەیماننا مەی مافەشارستانی و مەدەنیەکان لەسالی(1966) لە مادەی (1) باس لە مافی چارەی خۆ نو سینی گەلان دەکات[39]، ئەمە جگە لە پەیماننا مەکانی پیش جەنگی دووەمی جیهانی وەك سیڤەر کە باس لە مافی نەتەوەکان دەکات بۆیە هەرتاوانێك لەبەرامبەرنە تەوە شکلی نێودەو لەتی وەردەگرێت[40].

**دووەم/ شوێنی جوگرافی و تاوانی چەمی زەنگەنە**

(چەمی زەنگەنە) دەکەوێتە خۆرهەلاتی کەرکوك و نزیکەی (15)کم لەسەنتەری شاری کەرکوکەوە دوورەونزیکەی (1.5)کم دەکەوێتە باشووری ڕێگای نێوان کەرکوك چەمچەمالەوە نزیك بەناحیەی قەرەهەنجیرە[41]، بەپێی ئەو زانیاریانەی ( تاهیر عومەرحسین ) لەدایك بووی 1965 دانیشتوی گوندو ئەنجومەنی گوندەکە لە( 2019/6/15 ) ئاماژەی بۆکرد بۆ بنەرەتی ناوی گوندەکە، کە پێش (250) سالێ سێ برا بەناوەکانی ( عەلی، وەلید، جەلیل ) دانیشتوی گوندی ( قەیتول )ی سەربەناوچەی قادرکەرەم بونەو هاتوونەتە ئەم گوندە و ئاوەدانیان کردۆتەوە، ئەم سێ برایە سەر بە هۆزی زەنگەنە بوون لەبەر ئەوە ناوی گوندەکەیان بەناوی زەنگەنەوە ناوناوە، لە ڕووی ئیداریەوە پێشتر سەر بەناحیەی (لەیلان) بووە بەلام لەدوای سالی (1980) وە کراوەتە سەر ناحیەی (قەرەهەنجیر). چەمی زەنگەنەش سەر بەسنوری گوندی زەنگەنەیە و بەدووری 2.5کم دوورە لە گوندەکەوە.

گوڤارا زانکویا دهوك، پەربەندا: 24، ژمارە: 1، (زانستێن مروڤایەتی وکومەلناسی)، بپ 67-89، 2021 (ژمارەکا تایبەت)
کۆنفرانسێ زانستیێ نیڤدەولەتیێ دوویێ ل دۆر جینوسایدێ، سەنتەرێ بێشکچی بۆ ڤەکۆلینێن مرۆڤایەتی
و سەنتەرێ جینوسایدێ - زانکۆیا دهۆك، 27-28- کانونا دوویێ، 2021

## تاوانی چەمی زەنگەنە

ڕێکەوتی (1987/9/13)واتەنزیکەی (پێنج) مانگ پێش ڕووداوی تاوانی ئەنفال لەسەردەمی جەنگی نێوان (ئێران عێراق)دا ئەم ڕووداوە لەچوارچێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراودا لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە دژ بە گوند نشینانی ئەو ناوچەیە ئەنجامدراوە.

**ئەنجامدەری تاوانەکە:** سوپای ڕژێمی پێشووی عێراق و دەزگاکانی سەر بە ڕژێمی بەعس بەدیاری کراوی لیوای (66)ی سەربەپاراستنی نەوتی کەرکوك،کەلەلایەن (بارق عەبدولا حاجی حنتە) سەرپەرشتی دەکراودواتریش زۆردەزگای تر بەشداری تاوانەکەبوون. ئەوەجگە لەوەی کەهەر لەجێگای ڕووداوەکەو لەکۆتایی ڕووداوەکەولەگرتنی سەیارەی کۆتاییدا هێزێکی مەفرەزەخاسە(جاش)کە مەبەست لەو چەکدارە کوردانەیە سەر بەڕژێمی بەعسی عێراقی بوون بەجلی کوردیەوە شانبەشانی سوپای عێراق بەشداریان کرد لە شالاوەکانی ئەنفال و تەواوی تاوانەکانی تری کوردستان، کە ئەوانەی لەم ڕووداوەدا بەشداریان کرد سەربە(یوسف فەتحولا) بوون، کەیەکێك لە ئامر مەفرەزەکانی ئەوکاتەی سەر بەرژێمی بەعس بوون و ئامادەگیان هەبووە [42].

ئەم تاوانە دەرهەق بەخەڵکی (11) گوندی ناوچەی قەرەحەسەن و(1) گوندی ناوچەی (قادرکەرەم) ئەنجام درا لەگەڵ (4) چوار چەکداری مەفرەزەخاسە (جاش) کەسەر بەفەوجی سەید (تاهیر جەباری) بوون، کە بۆ پشوو دەگەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان و ناسنامەیان دیارنیە، لەگەڵ گوندنشینەکاندا براون و چارەنووسیان دیار نیە.

**گوندەکان بریتین لەمانەی لای خوارەوە**:

( خالۆبازیانی،شێخ جیری سەروو، شێخ جیری خواروو، باشبلاخی سەروو، تەیمەزاوا، کەوەڵە، ئۆمەرەگەدە، جافان، حەفتاچەشمە، وەسمانەلەکە، تەرجیل ، تۆپخانەی قادرکەرەم )

دوای ئەوەی لە ساڵی(1987)گوندەکانی ناوچەی (قەرەحەسەن) لەلایەن ڕژێمی ئەوکاتەی عێراقەوە ڕووخێندران، ژمارەیەك لەدانیشتوانی ناوچەکە پەنایان بردەبەرخۆحەشاردان لەناوباخ و مەزراکانی ناو چەکە. بۆدرێژەدان بەژیانیان بەرەبەیانی هەموورۆژێك بەرلەخۆر هەڵاتن کۆمەڵێك ئۆتۆمبێلی ناو چەکە بەرهەمی کشتوکاڵی گوندەکان و خەڵکیان دەبرد بۆ شاری کەرکوك بەمەبەستی ساغ کردنەوەی بەرهەمەکانیان وکڕینی پێداویستی ڕۆژانەودوای خۆرئاوابوون دەگەڕانەوەبۆگوندەکان، سەرئەنجام ڕۆژی (1987/9/13) لیوای (66)ی پاراستنی نەوتی سەربە (بارق عەبدولا حاجی حنتە) بۆسەیەکیان بۆدانیشتوانی گوندەکانی ئەوناوچەیە داناولەبەرەبەیانی ئەوڕۆژەدا(12)ئۆتۆمبێل کە

(71) سەرن شینیان تێدابوو كەوتنەبۆسەكەوەودەستگیركران. كە(49)ك ە سیان لەڕە گەزی ن ێرو(22)كە سی تر یان لەڕە گەزی مێ یوون[43] كە سەرجەمی قوربانیەكان دابەشكران بۆچوارچین بەم شێوەی لای خوارەوە:

چینی یە كەم پیاووگە نجەكان یوون كەسەرجەمیان (36)كەس بوون لەدوای چەند مانگێك زیندانی كردن سەرجەمیان گو لەباران كران و لەدوای پرۆ سەی ئازادی ع ێراق تەر مەكانیان لەگۆڕ ستانی ( شێخ محی ا لدین )لە شاری كەركوك دۆزرا نەوە، لەم چینە دووپیاوكەتە مەنیان لە سەروو60 ساڵەوەبوون ئازادكران، بەرلەگوللەباران كردنیان (1)كەسی تر یان كەبەتە سكەرەی كە سێكی تر گیرابووئازادكراوتائێستالەژیان ماوە، وا تە ئەم چینە (33)كەسیان گوللەباران كران[44]، چینی دووەم ئافرە تەكان یوون لە گەڵ دووە نداڵی شیرەخۆرەبوون ولەدایكیان جیانەكرابوونەوە، ئەم چینە یران بۆ( سەماوە) و یەك ساڵ وبێ ست ودووڕۆژزیـ ندانی كران ودوای گوا ستنەوەیان بۆ چەند بەندینخانە یەك دواترلەشارۆ چكەی (عەربەت) كە لەرووی ئیدار یەوە سەر یە پارێزگای سلێمانیە ئازادكران[45] چینی سێیەم مندا لەكان یوون، كە سەرجەمیان (17)منداڵبوون، جگە لەدوومنداڵەشیرەخۆرەكە كە لەخاڵی پێ شترئاماژەی پێ دراوە، لە گەڵ ئەو(2) دووپیاوە بەتەمەنەی لەخاڵی یەك ئاماژەی بۆكرا، دوای نزیكەی (20) ڕۆژ زیندانی كردن لەشارەكانی (كەركوك، سلێمانی، هەولێر) دواتر بران لەدێگەڵە فڕێدران وبەهەوڵی كەس وكاریان دۆزرا نەوەو دوا تر بە كەس وكار یان شادبوونەوە[46]، چینی چوارەم كەبریتی یوون لە(6) كەس كەدوای (دوازدە) سەیارەكەدە سگیركران، بەلاَم هەرلە شوێنی ڕووداوەكەلەلا یەن كە سێكی سەربەمەفرەزەخا سەوە ئازادكران ونەگەیشتنەزیندان[47]، تەواوی ئەم كارا نەی بەرامبەر بە دانیشتوانی ئەو گوندا نە كراوە لە ئەنجامی ئەو بۆ سەیەی كە حكو مەتی عێرا قی لەچەمی زەنگەنە بۆی دانابوون، بە شیكردنەوەی یاسایی چی لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق و چی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەپێی بنەما یا سایيەكان سەرپێچی بنەماكانەو دەچێتە چوارچێوەی تاوانەوە چونكە روكنی مادی و مەعنەوی تاوان بوون یان هەیەو ئەنجامی تاوانەكەش كەلەناوبردنی ئەندامانی گرووپێكی نەتەوەییە كە ئەوانیش كوردن، بۆ یە دەتوانین بەبوونی تەواوی ئەو بنەمایانە بە تاوانی چەمی زەنگەنە ناوی ببەین، وەك دیارترین تاوانی پێش ئەنجامدانی شالاَوەكانی ئەنفال.

**پاڵنەرەکان و هۆکارەکانی ئەنجامدانی ئەم تاوانە و بەراوردکردنی بە تاوانی نێودەوڵەتی جینۆساید:**

بەگەڕانەوە بۆ تاوانی ئەنفال و کاتی دەستپێکردنی لەرووی کاتەوە تێدەگەین لەوەی کە ماوەی نێوان ئەم دوو تاوانە چەند مانگێکەو ئەمەش دەکرێت دابنرێت بە یەکێك لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی ئەم تاوانە بەوەی کە تاقیکرنەوەیەکی سەرەتایی بووە بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی گەورەتر کەئەمەش تایبەتمەندی ئەوە ئەدات بەو تاوانە تا گروپی تاوانکار لە رووی ئەنجامدانی ئەم تاوانەو چۆنیەتی دەستگیرکردنی ئەندامانی گروپی بە ئامانجکراو لەهەموو روانگەکانەوە رووندەکاتەوە و کارئاسانی دیاریکردنی توانای سەربازی بۆ هەر پلانێکی سەربازی تر و بەکارهێنانی جۆرەکانی چەك بەهەموو جۆرەکانیەوە.

لەکاتی جەنگی نێوان عێراق ئێراندا بووە بۆ لەناوبردن و ترساندنی تەواوی ئەو هێزوخەڵك و لایەنانەی کە مەترسیی بوون بۆ سەر ئاسایشی شارەکانی عێراق بەتایبەتی شاری کەرکوك تا لەو رێگەیەوە دانیشتوانی ئەو شارەو ئەو گوندنشینانەش کە سەردانی (کەرکوك)یان دەکرد ملکەچ بن بۆ هەمووبریارێکی حکومەتی عێراقی و نەبنە کۆسپ لەبەردەم بەدیهاتنی داخوازیەکانی حیزبی بەعس و حکومەتی عیراقی بەتایبەت لەشەری نێوانیان لەگەڵ ئێراندا.

بەپێی مادەی دووەمی رێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێناسەی تاوانی جینۆساید دا لەو کارانەی کە دیارییکراوە و بەتاوانی جینۆساید ئەژماردەکرێت بەتەواوی بەسەر ئەم تاوانەشدا جێبەجێ دەبێت بەتایبەت لەو لایەنەوە کە کوشتنی ئەندامانی نەتەوەی کوردە بە رێگاکانی لە ناو بردن و وە دانانی ئەو کەسانەی کە دەستگیرکرابوون بەمەبەستی لەناو بردنیان ئەمجۆرە تاوانەمان جگە لەوەی وەك تاوان بۆ دەسەلمێنێت دەبێتە دیارترین و درندانەترین تاوانی نێودەوڵەتیش کە جینۆسایدە، بۆیەسەرکەوتنی ئەم تاوانە پاڵنەری سەرەکی بوو بۆ ئەنجامدانی شالاوەکانی ئەنفال، خالێ بەهێزی سەلماندنی ئە راستیەش ئەوەیە کە سەرکردایەتی هەردوو تاوانەکە لەلایەن یەك بەرپرسی سەربازیەوە بەرێوە چووە و بەفەرمانی ئەوبووە کە ئەویش ( بارق عەبدولا حاجی حنتە ) یە.

**تەوەری دووەم/ زانیاریە کۆکراوەکان لەسەر ئەنجامدانی تاوانی چەمی زەنگەنە ( خشتەکان و بەڵگەنامە و بریارەکان )**

لەم باسەدا بەشێکی ئەو داتایانە و دابەشکردنی گوندنشینەکان و چارەنووسیان دەخەینە روو کە لەئەنجامی ئەوتاوانە لەناوبراون و کوژراون.

**خشتەی ژمارە (1)**: دابەشبوونی (ڕەگەز) بە پێی ڕێژەی سەدی بۆتاوانەکە

| **ڕەگەز** | **ژمارە** | **ڕێژەی سەدی** |
|---|---|---|
| نێر | 49 | %69.01 |
| مێ | 22 | %30.99 |
| کۆ | 71 | %100 |

**خشتەی ژمارە(2)**: دابەشبوونی (تەمەن) بە پێی ڕێژەی سەدی بۆتاوانەکە

| **4 – 0** | **9-5** | **14-10** | **19-15** | **-20 24** | **29-25** | **34-30** | **39-35** | **44-40** | **49-45** | **54-50** | **59-55** | **64-60** | **69-65** | **70+** | **نەزانراو** | **كۆ** |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 8 | 3 | 11 | 9 | 1 | 0 | 3 | 6 | 5 | 5 | 3 | 3 | 2 | 5 | 3 | 4 | 71 |

**خشتەی ژمارە (3)**: شوینی نیشتەجێبوونی قوربانییان لە پێش جینۆسایدەکەدا

| گوندنشین | شارنشین | گوندنشین و شارنشین(دووبنە) | نەزانراو | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| **62** | **5** | **5** | **4** | **71** |

**خشتەی ژمارە (4)**: شوینی نیشتەجێبوونی خێزان لە دوای جینۆسایدەکەدا

| گوندنشین | شارنشین | گوندنشین و شارنشین(دووبنە) | نەزانراو | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| **1** | **32** | | | **33** |

**خشتەی ژمارە (5)**: دابەشبوونی (باری کۆمەڵایەتی) پێش ڕووداوەکە

| بێوەژن | سەڵت | خێزاندار | بێوەپیاو | سەڵت | خێزاندار | نەزانراو | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **1** | **11** | **10** | | **22** | **23** | **4** | **71** |
| | **مێ** | | | **نێر** | | **نێر** | |

**خشتەی ژمارە (6)**: دابەشبوونی (باری کۆمەڵایەتی) دوای ڕووداوەکە

| بێوەژن | سەڵت | خێزاندار | بێوەپیاو | سەڵت | خێزاندار | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **4** | **2** | **14** | | | **13** | **33** |
| | **مێ** | | | **نێر** | | |

**خشتەی ژمارە (7)**: ڕێژەی نەمانی سەرۆك خێزان لە جینۆسایدەکەدا

| ژمارەی سەرۆك خێزانەکان پێش ڕووداوەکە | ڕزگاربوونی سەرۆکی خێزان | ئەنفال کردنی سەرۆکی خێزان | نەزانراو | کۆ | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| **24** | **3** | **21** | **4**<br>نەزانراوە کە سەرۆکی خێزان بوونە یان سەڵت. | **24** | • ئەو سێ ڕزگاربووە دووانیان ئەو دوو پیرەمێردەن کە بەهۆی زۆری تەمەنیانەوە لەگەڵ منداڵەکاندا ئازاد کراون و تەمەنیان لەسەرووی (70) ساڵیەوە بووە وبەپێی یاساکانی ئەوکاتی ڕژێم هیچ سزایەکیان بەسەردا نەسەپێنراوە.<br>• سێیەمیان بریتیە لە ژنێك کە هەر ئەوکات مێردەکەی لەژیاندا نەماوە و ڕۆڵی سەرۆك خێزانی بینیوە و دوای ساڵێك زیندانی لەسەماوە لەگەڵ ژنەکانی دیکەدا ئازاد کراوە. |

**خشتەی ژمارە(8)**: چارەنوسی قوربانییەکان (پیاو وگەنجەکان) (1)

| کۆی گشتی | نەگەڕاوە | گەڕاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| 34 | 33 | 1 | -1 بەرزان ئەحمد کەریم لەناو گەنج و پیاوەکان گەڕاوەتەوە بەهۆی ئەوەی ناوبراو لەڕاستیدا لە دایك بووی 1969 بووە هەڵهاتوو (فیرار) بووە، لە ترسی حکومەت ڕۆژی ڕووداوەکە پێناسی براکەی هەڵگرتووە کە لە دایك بووی 1973 بووە ئەو ساڵەش بە منداڵ ئەژمارکراوە، بەڵام لە کاتی تۆمارکردنی ناوی زیندانییەکاندا بەرزان بەهەڵە دەڵێت لە دایك بووی 1972م، چونکە لای وابووە براکەی 1972ە بەهۆی ئەم هەڵەیەوە بەرزان لەگەڵ چینی منداڵەکاندا ئازاد ناکرێت، بۆ چەند مانگێك لەگەڵ پیاوەکاندا زیندانی بووە لەکۆتایدا لەلایەن زیندانییەکی هاوڕێی بەرزانەوە بە ڕێکەوت تەماشای پێناسی بەرزان دەکرێت و ئاشکرای دەکات کە لە دایك بووی 1973 یە نەك 1972، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕزگارکردنی بەرزان، بەڵام تەواوی ئەوانی دیکە لەناودەبرێن. |

**سەرچاوە:** **زانیاریەکان لەلایەن (بەرزان ئەحمەد کریم )وەرگیراوە لەکاتی چاوپێکەوتن لەگەڵیدا لەلایەن توێژەرانی سەنتەرەوە.**

**خشتەی ژمارە(9)**: چارەنوسی قوربانییەکان (ژنەکان) (2)

| کۆی گشتی | نەگەڕاوە | گەڕاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| 12 | 0 | 12 | ژمارەی ژنەکان (10) کەس بوونە (2) لە منداڵەکان لەبەر کەمی تەمەنیان لەگەڵ دایکیان براون بۆ سەماوەو ئەم چینە بوونە بە (12) کەس |

**خشتەی ژمارە(10)**: چارەنوسی قوربانییەکان (منداڵەکان لە هەردوو ڕەگەز) (3)

| کۆی گشتی | نەگەڕاوە | گەڕاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| 19 | 0 | 19 | ژمارەی منداڵەکان (17) کەس بوونە (2) پیرەمێرد بەناوەکانی (لەتیف ئیسماعیل عەبدوڵڵا 1909) و (**نوری حەسەن ئەحمەد 1912**) لەبەر زۆری تەمەنیان کە بە ووتەی شایەتحاڵەکان پەکیان کەوتوە خراونەتە پاڵ منداڵەکان، چونکە بە پێی یاساکانی ئەوکاتی ڕژێم هیچ سزایەك نەیگرتوونەتەوە و تەمەنیان لە سەرووی حەفتا ساڵییەوە بووە. |

**سەرچاوە:** **زانیاری لەسەر (لتیف اسماعیل عبدالله)،(نوری خسن احمد)چاوپێکەوتن لەگەڵ منداڵەکان لەلایەن توێژەرانەوە.**

**خشتەی ژمارە(11)**: چارەنوسی قوربانییەکان (ڕزگارکراوەکان) (4)

| کۆی گشتی | نەگەڕاوە | گەڕاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| 6 | 0 | 6 | ئەم چینە بریتین لە (6) کەس کە لە شوێنی ڕووداوەکە لەلایەن کەسێکی سەر بە مەفرەزەیەکی تایبەتەوە ئازادکراون و نەگیشتونەتە زیندان، چونکە ئەمان نزیکەی نیوەڕۆی ڕۆژی 9/23 گەیشتونەتە ئەو شوێنەی کە بەرەبەیان ئەوانەی دیکەی لێ دەستگیرکراوە لەوکاتەی ئەمانیش گەیشتون ڕێوشوێنە ئەمنیەکان و بازگەکان بەشێکیان هەڵگیراون. |

**خشتەی ژمارە12)**: ئەو شوێنانەی کە قوربانییەکانی تێدا زیندانی کراون

| ژ | ناوی شوێن | پارێزگا | تێبینی |
|---|---|---|---|
| 1 | مەیدان ڕەمی | کەرکوك | 1- مەرج نیە هەموو قوربانییەکان، تەواوی زیندانیەکانیان بینیبێت.<br>2- تا چەند مانگێك چارەنوسی 33 پیاوەکە زانراوە، ئەگەری هەیە زیندانی دیکەیان بینیبێت. |
| 2 | تسفیرات | کەرکوك | |
| 3 | الأمن العامه | کەرکوك | |
| 4 | مرکز الشرطة | کەرکوك | |
| 5 | الأمن المنصور | کەرکوك | |
| 6 | مرکز المثنی | کەرکوك | |
| 7 | مرکز میسلون | کەرکوك | |

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا: 24، ژمارە: 1، (زانستێن مروڤايەتی وكومەلناسی)، بپ 67-89، 2021 (ژمارەكا تايبەت)
كۆنفرانسێ زانستيێ نيڤدەولەتيێ دووێ ل دۆر جينوسايدێ، سەنتەرێ بێشكچی بۆ ڤەكۆلينێن مرۆڤايەتی
و سەنتەرێ جينوسايدێ - زانكۆيا دهۆك، 27-28- كانونا دووێ، 2021

| ژ | | |
|---|---|---|
| 8 | زیندانی سەماوە | سەماوە |
| 9 | تسفیرات | بەغداد |
| 10 | تسفیرات | هەولێر |
| 11 | تسفیرات | سلێمانی |
| 12 | مرکز عەربەت | سلێمانی |

**خشتەی ژمارە (13):** دابەشبوونی گوندەکان بەپێی (ناوچەو یەکەی بەڕێوەبەری).

| ژ | ناوی گوند | سنوری جوگرافی گوند (ناوچە) | یەکەی بەڕێوەبەری گوند | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خاڵۆبازیانی | ناوچەی قەرەحەسەن | ناحیەی قەرەحەسەن | • چوار کەس لە قوربانیەکان زانیاری لەسەر ناوی گوندەکەیان نەزانراوە، بەو پێیەی کە ئەوان لەکاتی ڕووداوەکەدا (جاش) بوونە. |
| 2 | جافان | ناوچەی قەرەحەسەن | ناحیەی قەرەحەسەن | |
| 3 | تەیمەزئاوا | ناوچەی قەرەحەسەن | ناحیەی قەرەحەسەن | |
| 4 | کەوەڵە | ناوچەی قەرەحەسەن | ناحیەی قەرەحەسەن | |
| 5 | شێخ جیری سەروو | ناوچەی قەرەحەسەن | ناحیەی قەرەحەسەن | |
| 6 | شێخ جیری خواروو | ناوچەی قەرەحەسەن | ناحیەی قەرەحەسەن | |
| 7 | ئۆمەرەگەدە | ناوچەی قەرەحەسەن | ناحیەی قەرەحەسەن | |
| 8 | باشبلاخی خواروو | ناوچەی قەرەحەسەن | ناحیەی قەرەحەسەن | |
| 9 | حەفتاچەشمە | ناوچەی جەباری | ناحیەی قەرەحەسەن | |
| 10 | وەسمانەلەکە | ناوچەی قەرەحەسەن | ناحیەی قەرەحەسەن | |
| 11 | تۆپخانەی قادر کەرەم | ناوچەی قادرکەرەم | ناحیەی قادرکەرەم | |
| 12 | تەرجل | ناوچەی قەرەحەسەن | ناحیەی قەرەحەسەن | |

بريارو بەڵگەنامەكان لە پاشكۆی توێژینەوەكەدایە.

## كۆتایی و دەرئەنجام

1 - ئەم توێژینەوەیە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی كە ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال پلانی تەواوەتی پێشوەختی بۆ لە بەرچاو گیراوە و ئامادەكاری بۆ ئەنجامدانی كراوە، لەوانە تاوانی چەمی زەنگەنەیە كەبەپێی دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە پاڵنەرێكی سەرەكی بووە بۆ دەستپێكی تاوانی ئەنفال لەكوردستان، كەئەمەش سەلمێنەری گریمانەی توێژنەوەكەیەو ئەو ئامانجەیە كە لەپێناویدا توێژینەوەكە ئەنجامدراوە.

2 - بەحوكمی پێگەی جوگرافی ناوچەكە كەسەر بە خودی ناوەندی پارێزگای كەركوكە ئەنجامدانی ئەم تاوانە بۆ بەمەبەستی ڕاگواستنی كوردەكانی ئەم ناوچانەو جێبەجێكردنی سیاسەتی بە عەربكردن و ڕاگواستن بووە لە سەر خاكی كورد و دوورخستنەوەی مەترسی بووە لەهەموو ڕوویەكەوە لەسەر شاری كەركوك كە بەدرێژایی

مێژووی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەردەوام پلانیان داناوە کە چۆن بتوانن پێگەی کورد لەوشارەدا کەمبکەنەوە و بەوەش کەمترین مەترسی لەسەربێت بەهۆی کوردەوە.

3 □ ئەم تاوانە دوای دەرکردنی بریاری دانانی( علی حسن مجید ) بوو بەبەریوبەری نووسینگەی باکور لەشاری کەرکوك کە بە ژمارە (4008)لە( 1987/6/29 )کە سەبارەت بە قەدەغەکردن و چۆلکردنی ناوچە کوردنشینەکان بوو، وەك هەنگاوێکی یەکەم بۆ لەناوبردنی هەرکەس و شتێك کەلەو ناوچەقەدەکراوانەدا بمێننەوە.

4 □ تاوانی چەمی زەنگەنە تاوانیکی نێودەولەتی جینۆسایدە بەپێی پێوەرەکانی رێکەوتنامەی رێگەگرتن لە تاوانی جینۆسایدی سالی(1948)ئەویش بە جیاکردنەوەی گیراوەکانی گوندنشینەکان بەپێی رەگەزەکان وتەمەن و لە ناوبردنی رەگەزی نێرینەکان و دانانی گوندنشینەکان لە بارودۆخێکی سەختدا کە بۆتە هۆی لە ناوبردنیان، ئەمەش بەپێی پێناسەی یاسایی تاوانی جینۆساید تەواوی ئەوکارانەی تێدایە کە لەرووی یاساییەوە دیاریکراوە.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

دکتور علی عبدالقادر القهوجی، القانون الدولی الجنائی أهم الجرائم الدولية، المحاكم الدولية الجنائية، الطبعة الأولى 2001 ,ص7.

الدكتور ماهر عبد شويش الدرة، شرح قانون العقوبات، القسم الخاص، المكتبة القانونية، الطبعة الاولى ( 1988 ) الطبعة الثانية( لاتوجد السنة )، بغداد ,ص4 .

دكتور علی عبدالقادر القهوجی، سەرچاوەی پێشوو, ل45.

الدكتور زياد عتيانى, المحكمه الجنائيه الدوليه و تطور القانون الدولي الجنائي، منشورات الحلبي الحقوقيه 2009 ص23.

الدكتور زياد عيتانى ،هەمان سەرچاوەی پێشوو,ص25.

د.مورشید ئەحمەد ئەلسەید، ئەحمەدغازی هورمزی، وەرگێرانی ئاسۆ کریم، دادگەی نێودەولەتی تاوانکاری، چاپی یەکەم ,کوردستان 2005, ل12.

رێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا ،جینۆسایدی بارزانیەکان لەسەدەی بیستدا،چاپخانەی منارە،هەولێر،2011،لا181.

د.سروەر عبدالرحمن عمر ،سنجار أمام الفتاوی الرينيه والحملان التوسعيه،ت/بيستون على كريم ،مطبعة سردم السليمانيه2018لا33–74.

د.سروەرعبدالرحمن عمر،الاباده الجماعيه للايزيديين فى التاريخ اسبابهاونتائجها ،ت/بيستون على كريم /مطبعة سردم السليمانيه ،2018,ل27.

[10] د.سەروەر عبدالرحمن عومەر ،ژنانی ئێزیدی وەك کەنیزەك ،چاپخانەی سەردەم ،سلێمانی 2016،لا(32–37).

خەبات عەبدوڵلا،کوردو ئەوانی دیکە،چاپخانەی ڕەنج،سلێمانی،2010،لا155–157.

لەتیف فاتیح فەرەج،کوردوکرکوك،چ2،چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ،کەرکوك،2013،لا12–13.

د.سۆزان کریم مستەفا،بەعسیزم وکورد،1947–1957چاپخانەی حەمدی ،سلێمانی،2007 ، لا231.

محمد ڕەئوف عەزیز ،ئەنفال ورەهەندە سۆسیۆلۆجیەکان،چاپخانەی تیشك،سلێمانی،2005،لا43–44.

د.مارف عمر گوڵ،جینۆسایدی گەلی کورد،چ4،دەزگای ئاراس، هەولێر،2007،لا30–35.

سۆران عوسمان عارف،ڕاگواستن و بەعەرەبکردنی کەرکوك،گۆڤاری 88،ژ4 2005لا67–71.

مەلا شاخی،ئەنفالی خالخالان،چاپخانەی داناز،سلێمانی2001لا3.

نەوشيروان مستەفا ئەمين،خولانەوە لەناو بازنەدا،چاپخانەی مەڵبەندی ئاوەدانی،1999،لا47.
هێمن كاميل ،ئەنفالی چوارو كاريگەرييە كۆمەلآيەتيەكانی لەسەر گەنج و كەسوكاری ئەنفال ،چاپخانەی كارۆ ،سلێمانی ،2011،لا8 .
گۆران سلام محەممەد،ئەنفال وەك جينۆسايدی كورد لەياساو بڕياری نێودەوڵەتاندا ،ڕۆژنامەی بابە ڕوشە ،ژ3ئاياری 2019،لا5.
عەبدولكەريم مەحمود ،ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال،ب2،چاپخانەی پيرەمێرد،سلێمانی ،2003لا104.
الاستاز الدكتور علی حسين خلف، الاستاذ المساعد الدكتور سلطان عبدالقادر الشاوي، المبادئ العامه فی القانون العقوبات، جامعه بغداد 1987 ص137.
القهوجي، سەرچاوەی پێشوو ص61.
أ.د. صلاح الدين أحمد، دراسات فی القانون الدولی العام، جامعة جيهان الخاصة-أربيل، الطبعة الثالثة2011 ص 79.
پەيماننامەی نەتەوە يەكگرتووەكان ساڵی 1945.
د. مورشيدئەحمەد ئەلسەيد,ڕوانگەی نيودەوڵەتی،سەرچاوەی پێشوو لا 392.
تەفسيری رامان لەماناو مەبەستی قورئان، ئەحمەد كاكە مەحمود، چاپی دووەم، چاپخانە دارالفكر- بەيروت، لوبنان 2009 لا 372
ابو القاسم الحسين بن محمد ( الراغب الاصفهانی ) مفردات ألفاظ القرءان دار القلم ، دمشق جلد 1 ص 885 .
قورئانی پيرۆز، تەفسيری ئاسان، سورەتی ئەنفال جوزئی 9 لا 177
محەممەد رەوف، پاكيزەكانی ئەنفال، چاپی يەكەم، چاپخانەی كەمال ، لەبلآوكراوەكانی دەزگای رۆشنبيری جمال عيرفان 2014 لا13-14.
د. شێركۆ كرمانج,ئەنفال وپاڵنەری ڕەگەزی كوردلەپارێزگای كركوك,ساڵنامەی ئەنفالناسی ژمارە(2) ی ساڵی 2018 لا57 .
(جينۆسايدی گەلی كورد لەڕوانگەی ياسای تاوانكاری نێودەوڵەتيەوە), ئاوارە حسين ,چاپخانەی حەمدی ,چاپی يەكەم,2017 لا24 .
المحامی طارق جامباز,چحايا عمليات الانفال 1988 لا40 بيان رقم (3109)صادر من القياده العامه للقوات المصلحه.
أتفاقيه منع جريمه الاباده الجماعيه والمعاقبه عليها ص2.
د. هونەر أمين حسن، ئافتەريفيرات، تاوانی جينۆسايدلەعيراقدا كێشەكانی بەرپرسياريەتی تاوانكاری، مۆسكۆ 2015 ل16 .
هەمان سەرچاوە لا 24
ا الدكتور علی حسين خلف, لمبادئ العامه فی القانوون العقوبات, سەرچاوەی پێشوو, ل 137 .
پەيماننامەی نەتەوە يەكگرتووەكان ساڵی 1945.
ڕێككەوتننامەی مافەشارستانی و مەدەنيەكان ساڵی 1986
پەيماننامەی سيڤەر ساڵی 1920
ابراهيم مجيد , خالۆبازيانی وگێژاوی ئەنفال.گۆفاری ئەنفالنامە,ژمارە (71)ی ساڵی حەوتەمی 2016.
چاوپێكەوتنی توێژەران لەگەڵ (وەهاب فاتح صالح),چەمچەماڵ 1975 خالۆبازيانی, بەرواری چاوپێكەوتن لە2019/6/13.
چاوپێكەوتنی توێژەران لەگەڵ (بەرزان احمد كريم),كەركوك, 1969 جافان, بەرواری چاوپێكەوتن لە 2019/6/24.
چاوپێكەوتنی توێژەران لەگەڵ (كاوە كريم فارس),1972,خالۆبازيانی. بەرواری چاوپێكەوتن لە 2019/6/20.
چاوپێكەوتنی توێژەران لەگەڵ (زاهدە محمد احمد), چەمچەماڵ 1951 خالۆبازيانی. بەرواری چاوپێكەوتن لە 2019/6/17.
چاوپێكەوتنی توێژەران لەگەڵ (نازم فاتح غفور),كەركوك,1975 شێخ جيری سەروو. بەرواری چاوپێكەوتن لە 2019/6/24.
چاوپێكەوتنی توێژەران لەگەڵ (رحمە يونس محمد),سلێمانی ,1953,خالۆبازيانی. بەرواری چاوپێكەوتن لە 2019/6/20.

**الخلاصة**

**في تاريخ تأسيس الدولة العراقية ارتكبت جرائم مختلفة ضد القومية الكوردية من قبل السلطات الموجودة على الحكم آنذاك. و بموجب سلطتهم والظروف الدولية للمنطقة تأثر بعضها ببعضها مباشرة على كيفية ارتكاب تلك الجرائم، وللتأكد من نية الجرم من حيث نية التدمير الكلي أم نية التدمير الجزئي للجريمة، فالقرار حول تلك العملية ليس بأمر سهل، بل يحتاج ذلك إلى عمليات علمية وقضائية، لإثبات نية المجرم في إجرامه، وذلك بإظهار التأثيرات السلبية لتلك الجرائم على الإنسانية عموما، لوجوب منع مرتكبيها، وعدم تكرار مثل تلك الجرائم بالأخص ضد الشعب الكوردي. واختص البحث بذكر جريمة الأنفال، كونها واحدة من تلك الجرائم الإنسانية عامة ضد القوم الكوردي، وموقف الدول العظمى تحديدا في هذا الموضوع. يحتاج هذه الدراسة إلى البحث عن أسباب ارتكابها و اظهار تلك النوايا الاجرامية، ذاكراً كل الاجراءات المتبعة والمتخذة لتنفيذ تلك الجريمة وكيفية المساهمة مع المجموعة المساندة للجريمة في وادي (زنكنه) كإحدى تلك الجرائم قبل بدء عملية أنفال في جنوب كوردستان، الذي ساهم دوراً رئيسيا في تحديد الدوافع للبدء بجريمة الأنفال في كوردستان.**

***الكلمات المفتاحية:*** الأنفال، القانون الدولي، الجرائم الدولية، الإبادة الجماعية.

**THE MOTIVES FOR BEGINNING ANFAL CRIME,**
( ZANGANA CHAM AS AN EXAMPLE )

**H**UNAR **A**MEEN **H**ASAN, **G**ORAN **S**ALAM **M**OHAMAD,
**H**AZHAR **HO**SHYAR **M**AHDI and **S**ORAN **Z**AHER **A**BDULLA
University of Charmo, Kurdistan Region-Iraq

**ABSTRACT**

**In the history of Iraqi government, various crimes were committed against Kurdish. Consequently, such crimes had direct and indirect effect on the demographic of the area. However, one can't find the explicit evidence and reason on why did they commit those crimes? Additionally, finding answers depends on scientific and judicial analysis. Fortunately, finding the answer will lead to the prevention of similar crimes on Kurdish or any other nation. Historically, Various crimes which led to killing thousands of innocent people. Unfortunately, the powerful countries have deafened and blinded themselves from addressing and enlisting Anfal in Genocide scale. Many Kurdish villagers experienced this unspeakable violence. Anfal in Zangana Cham is considered by many as a pre-attempt to for beginning Anfal process. Clearly investigating the events they happened in this area will provide solid information to find the clear answer.**

***KEY WORDS:*** Anfal- Genocide -international law - International crimes